# فەلسەفەو هەڵوەشاندنەوە

**(چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەلی حەرب، دەربارەی دەق‌و گوتارو گەمەکانیان، گوتاری حەقیقەت‌و فەلسەفەو فەلسەفەکاری‌و پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە).**



**و: خەسرەو میراودەلی**

***عەلی حەرب، چۆن خۆت‌و بەرهەمەکانت بە خوێنەران دەناسێنیت؟**

-قسەکردنی مرۆڤ دەربارەی خۆی‌و حاڵەتەکانی بە جوانترین شێوە، رەنگە شیاوترینیشیان لە مەقامی ئەدەبدا بێت، بە ژیننامە یان رۆمان یان شیعر، چونکە لە ئەدەبدا خەم‌و خورپەو خەونەکان بۆ دۆزینەوەگەلێکی جوان‌و قەشەنگ وەردەچەرخێن. هەر لەوێشدا رۆژانەکانی ژیان‌و وردەکارییەکانیان، بەڵکو پووچییەکانیان دەگۆردرێن بۆ شوێنەواری هونەری ئیستاتیکییانە. بەرهەم‌و شوێنەواری جوانیش وات لێ دەکات قسەی خەڵکی لەسەر ژیان‌و تایبەتمەندییەکانیان بە باش دابنێیت. ئایا ئەمە نایەتەدی بۆ ئەو کەسەی بۆ نموونە ژیاننامەی تەها حسێن لە کتێبی (الایام)دا دەخوێنێتەوە،

یاخود بە کەسێتیی نەجیب مەحفوز ئاشنا دەبێت لە (الثلاثیة)کەیدا، یان گوێ لە قەسیدەکەی مەحمود درویش دەگرێت دەربارەی (نانی میللەتێك/ خبز أمي) ئەمە ئەوە نییە کە ئێمە هەستی پێدەکەین کاتێك چێژ لە غەرامیاتی مارگرێت دۆراس وەردەگرین لە رۆمانی (العاشق)دا، یان لە ژیاننامەی جەستەیی ژنە شاعیری سوریالی جویس مەنسور؟ ئەگەر بمانەوێت بەڵگە بە ژنانێك بهێنینەوە کە جەستەی خۆیانو ئارەزوویان بۆ پیاو بە شیعر بنووسنەوە. هەروەها لە مەقامی ئەدەبدا دیوارێك لە نێوان مرۆڤو خۆیدا بەرزدەکرێتەوەو پشکی پێویست دەداتە قسەکردن لەسەر خۆی..

***ئایا قسەکردنی کەسێك دەربارەی ژیانی خۆی پێویستی بە توانای ئەدەبی دەبێت؟**

-بە زەرورەت نا. لە توانای نووسەردایە نەخشەی رەگەزەکان بشێوێنێ وبەربەستی نێوان مەیدان وکایەکان بروخێنێت، بەجۆرێك شێوازی خۆی دابهێنێتو بواری خۆی وێنەکێشێو بەشی خۆی بپچڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا یان لەوانەیە بەهۆی ئەوەشەوە نەمەوێت بکەومە داوی ئەم گفتوگۆیەوە، بە قسەکردن دەربارەی شوناسی تایبەتیم، بەتایبەتیش لەوە دەترسم ئەوە دووبارە بکەمەوە کە لە گفتوگۆکانی پێشوودا گوتوومە. دەزانم کە خوێنەران حەزیان لە ئاگاداربوونە لە لایەنە نادیار، یاخود نزیکەکانی ژیانی نووسەرو ئەدیبان، هەروەك سەبارەت بە ئەستێرەکانو ناودارانو فەرماندەکان. پێشم وا نییە لە پێگەی ئەستێرەییو ناودارییدا بم بۆ ئەوەی لە خۆمو کەسێتیی خۆم بدوێم. لەمەش گرنگتر بروابوونمە بەوەی کە هیچ کەسێك بۆ ئەوە ناشێت بۆ خۆی ببێتە سەرچاوە بۆ قسەکردن لەسەر خۆی. بەهەرحاڵ نەفس رێگرییەك دەنوێنێ کە دەبێتە بەربەستی کەشفبوونی پەردە، یاخود دەرخستنی نهێنی.

***بەڵام چۆن، بۆ نموونە، تەفسیری رەفتاری کەسێکی وەك مادۆنا دەکەیت؟ ئەم ئەستێرە ئەمریکییەی هەموو تابۆکانی شکاندو سەرجەم پەردەکانی دراند بە نواندن لەو (فیلم: ئابڕووچوون)ەدا کە ژیانی ناو جێگەی تێدا دەخاتەروو..**

-پێم وا نییە فیلمەکە هەمووی ئابڕووچوونو رووتبوونەوە بێت. شتێك هەیە گرنگترە لەم رووتبوونەوە ئابڕووبەرانەیە کە بۆ بینەر دەخرێتەروو، کە مانای فیلمەکە خۆیەتی. ئەمەشە کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە. کە مەسەلەیەکە خوازیاری ئەوەیە دیمەنە ئیباحیو وێنە رووتەکان تەجاوزبکرێن بەرەو کەشفکردنی ئەوەی مادۆنا هەوڵیداوە دایپۆشێت لەکاتێکدا کە خۆی رووتدەکاتەوە..

***ئایا لەم هەموو خۆرووتکردنەوەیەدا پەردە هەیە؟**

-بەڵێ! من وایدەبینم مادۆنا ویستوویەتی ئەوانە رووتبکاتەوە کە لە خودی خۆیانو جەستەی خۆیان دەترسن لە رووتبوونەوەی ئەوی دیدا. بە تەعبیرێکی دیکە ئەو ویستوویەتی گەمە لەسەر کەشفکراو بکات، بە کەشفکردنی وەرەقەکانی کۆمەڵگەیەك، یان سەردەمێك، یاخود جیهانێك کە عەورەتەکانی خۆیو عەیبەکانی دادەپۆشێ یان لەسەر پێشێلکاریو ئابڕووچوونەکانی دەژی. لە فیلمەکەوە دەگەڕێمەوە بۆ بابەتەکەو مەبەستم قسەکردنی مرۆڤە لەسەر خۆیو دەڵێم: گوتارەکانمان ئاوێنەکانمان نین. رەنگە بەپێچەوانەوە چەند دەمامکێك بن خۆمانی لە پشتەوە بشارینەوە. لێرەوەیە لایەنی ئەو فێڵەی یەکێك لە ئێمە دەیکات کاتێك لە خۆی دەدوێت، بەتایبەتیش کە قسەکردنەکە بەشێوەیەکی راستەوخۆو مەبەستەوە بەرێوەبچێت وەك لەم گفتوگۆیەدا. لەبەر ئەوە وایدەبینم کەسێتیی مرۆڤ یان شوناسەکەی لە سەرچاوە راستەقینەکانییەوە دەناسرێت، واتە لە ژیانی خۆیەوە. لە شێوەی مومارەسەکردنی زاتی خۆیو چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵکیو شتەکاندا، ئەگەر تۆ بتەوێت تارادەیەك بمناسیت، ناتوانیت پشت بەوە ببەستیت کە دەیڵێم، نە بە نووسینەکانیشم، بەڵکو باشتر وایە بۆ شوێنو کۆمەڵگەکەم بگەڕێیتەوە، بۆ ماڵ، یان شوێنی کارکردنم، یان ئەو قاوەخانەیەی هاتووچۆی دەکەم. لە رێگەی مامەڵەوە لەگەڵ خێزانەکەمو دراوسێکەمدا، یان لە رێگەی پەیوەندیم بە هاوڕێو دۆستەکانمەوە دەمناسیت.

***دەبینم چەند لە خۆت دوایت ئەوەندەش خۆت دزییەوەو دەربازکرد..**

-کەواتە با وای دابنێین پرسیارەکە کۆتایی پێ هێنرا؟

***ئایا پێتوایە ئەوە بکرێت؟**

-هەقت لەگەڵدایە. ئاشکراتکردم بە رەخنەکەت. چونکە من لەو کەسانەم کە دەڵێن ناکرێ وەڵام پرسیار دابخات، یاخود کۆتایی پێ بهێنێ.

***لەوەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی پرسیارت لێ بکەم: بابەتێکم خوێندەوە کە قسەکردنی تۆم بەلاوە جوان بوو**

**دەربارەی شوناسی خۆت، رات چییە؟**

-ئەمەیە لایەنی فێڵەکە. لەراستیدا تۆ خودی قسەکردنەکەت بۆ خۆی بەلاوە باش بووە، بێ ئەوەی ئەوە بگەیەنێت کە ئەوەی لەسەر خۆم گوتوومە ناساندنی شوناسی راستەقینەی خۆم بێت.

***کەواتە تۆ قسە لە چی دەکەیت؟**

-لەو زاتەم دەدوێم کە لە خۆم ناچێت. وەك ئەوەی من لەوەدا کە دەینووسم لە نێوان دەموچاوەکانمو تارماییەکانمدا هاتووچۆ بکەم، یاخود لە نێوان ئەگەرو ئیحتیمالەکانمدا.

***قسەکەت روونبکەرەوە!.**

-هەموو دەقێك چەواشەکاری، یان دەسەڵاتەکەی بەسەر خوێنەرەوە مومارەسە دەکات، بەتایبەتیش ئەگەر جوانو قەشەنگ بێت، کە لە بابەتی قسەکە خۆی لامان دەدات، واتە دەربارەی ژیانو بوونەوەر. بە تەعبیرێکی روونتر: قسەی جوان لەسەر ژیان لە ژیان خۆی جوانتر دەبێتو رەنگە بەدیلیشی بێت. لەبەر ئەوە پێویستە وریابین لەو دەقو گوتارانەی لە تەڵە دەچنو دەکەوینە ناو تۆرەکانییانەوە. بۆ روونکردنەوەی زیاتر: لاواندنەوەی موتەنەبی بۆ خوشکی سەیفولدەولە بە نموونە وەربگرە. تۆ لێرەدا لەبەردەم دەقێکدایت لە جوانترینی دەق، دەقێکە وات لێ دەکات ئاور بەلای جوانییەکەیدا بدەیتەوە زیاتر لە ئاوردانەوە لە هەلومەرج یان بۆنەکەی. لەبەر ئەوە من چیرۆکی حەشاردراوی پشت قەسیدەکەم بەلاوە گرنگ نییە. دەکرێ مێژوونووسی ئەدەب بە زانینی ئەوەوە سەرقاڵ بێت کە ئایا موتەنەبی خەولەی خۆشویستووە یان نا؟ بەڵام من ئەوەی سەرنجم رادەکێشێتو خەمی منە ئەوەیە: چۆن شاعیر هەستی خۆی دەنووسێتەوەو لە خۆشەویستیی خۆی دەدوێت. ئەو ئەوەندەی شیعری جوان بەرهەمدەهێنێت، ئەوەندەش خۆشەویستییەکەیمان بیردەباتەوە بۆ ئەوەی بکەوینە جیهانی شیعرو فەزا جوانەکانییەوە.

***ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە قسە پەیوەندیی بە واقیع و رووداوەوە نییە؟**

-بێگومان نەخێر! بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە قسە وەسفی چەند واقیعێك ناکات بەقەدەر ئەوەی تەنیا خوێندنەوەیەکەو بەس. خوێندنەوەیەکە لە جیهاندا یاخود نووسینەوەکە بۆ ژیان بەو پێیەی ئەزموونێك یان تاقیکردنەوە یاخود هاوژیانییەکە. هەر وشەیەك لەو وشانە وەربگرە کە لە گوتارەکاندا بەکاردەهێنرێن، ئایا دەلالەت لە مومارەسەیەکی کۆمەڵایەتی بکەن وەك وشەی (دیموکراسییەت)، یاخود ئاماژە بە رووداوێك بکەن وەك دەستەواژەی (جەنگی کەنداو)، دەبینین هاورایی لەسەر ماناکە ئامادەیی نییە، واتە لەسەر چاوگی دەلالەتەکە، لە نێوان نووسەرێكو یەکێکی تر یاخود خوێنەرێكو یەکێکی تردا. با نزیکترین وشە بۆ نموونە وەربگرین کە بکرێ منو تۆ لەم گفتوگۆیەدا بەکاریبهێنین، کە وشەی (فەلسەفە)یە، دەبینین کارێکی قورسە دیاریکردنی دەلالەتەکەی، چونکە هەتا پتر بەدوای مانادا بگەرێین زۆرو جیاواز دەبێت، لەبەر ئەوەی مانا پێشوەختو بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە خوێنەر بوونی نەبووە، بەڵکو لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا بەرهەمدەهێنرێتو نوێدەبێتەوە، بەجۆرێك کە دەکرێ بگوترێت قسە، مەبەستم پێی گوتارە کە دەگوردرێ بۆ دەق، واقیعی خۆی دەخولقێنێ، واتە رووداوێك پێکدەهێنێت کە خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت.

***دەبینم هەوڵی خۆدەربازکردن لە پرسیار دەدەیت بەبێ وەڵامدانەوەی وەك ئەوەی گەمە بە قسە بکەیت. ئەوەتا دەگەرێیتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە دەستت پێ کردبوو، لە واقیعییەتی دەق دەدوێیت بێ ئەوەی سروشتی پەیوەندییەکەی بە واقیع خۆیەوە روونبکەیتەوە.**

-باشە، رێگەم بدە بڵێم کە قسە، جارێکی دیکەش هەر مەبەستم دەقی بەهێزە، رووداوەکان وەك خۆی وەسف ناکات وەك ئەو بڵاوکراوانەی راگەیاندن کە لە رادیۆکانەوە یاخود لە شاشەکانەوە دەیانبیستین، بەڵکو توانایەکمان بۆ خوێندنەوە پێ دەبەخشێت کە وا دەکات ئەو دەقە بکەوێتە نێوان ئەوەی روودەدات لەگەڵ ئەوەدا کە ئەگەری روودانی هەیە. کەواتە بەرووی رووداودا دەکرێتەوەو بە کۆتاییهاتنی کۆتایی نایەت. ئەم نموونەیە بۆ ئەوە دەهێنمەوە کە پەیوەندیی بە رووداوێکی زەبەلاحەوە هەیە کە هێشتا هەر بەردەوامە لە بەرهەمهێنانی شوێنەواری خۆیدا، مەبەستم پێی جەنگی کەنداوە. لە رۆژی یەکەمی ئەم جەنگەی لە نێوان عیراقو دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا روویدا، هاورێکەم کە دەزگایەکی رووناکبیریی بەرێوەدەبات و گرنگی بە بەرهەمهێنانی ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانە دەدات کە پەیوەستن بە زانستی دەقو فەلسەفەکەیەوە، پرسیاری لێکردم: بەگوێرەی خەمڵاندنی تۆ کێ سەردەکەوێت؟ لە وەڵامدا پێمگوت لایەنی سەرکەوتوو بە دەقو قسەکەیدا دەناسرێتەوە، وەك چۆن دەکرێ

لە ڕێگەی زیرەکیی چەکەکەیەوە بناسرێت. من ئەوەم مەبەست بوو کە خاوەنی دەقی بەهێزە کە زاڵبوونی بۆ دەنووسرێت. کە هاوڕێکەم بێدەنگ بوو بۆم ڕوون کردەوەو پێمگوت: دەقی عەرەبی بە نموونە وەربگرە، بە لاوازی دەیبینیت بەراورد بە دەقی خۆرئاوایی کە هەواڵی پڕبوونو بەهێزبوونیمان پێ ڕادەگەیەنێت، بەڵکو لەوپەڕی لاوازیدا دەردەکەوێت، ئەگەر بە قسەی عەرەبی سەرەتای ئیسلام بیپێویت. لەو سۆنگەیەوە ئەوەی ئەو نامانە بخوێنێتەوە کە خەلیفەکان بۆ والیو فەرماندەی سوپاکانیان دەناردن، بە چەند دەقێك دەگات لەوپەڕی بەهێزیو قەشەنگیو چڕییدا. ئەو دەقەی بەمشێوەیە بێت هەواڵی زیندوویێتیی فیکرو ڕەسەنایەتیی ڕاوبۆچوونو متمانە بەخۆبوونو کۆنترۆڵی خودو گرتنەدەستی جڵەوی دەستپێشکەری ڕادەگەیەنێت، کە ئەمە بارودۆخی عەرەب بووە لەو ڕۆژەدا.. هەمووشیان سیفەتی کەسیی زاڵو سەرکەوتوون، لەکاتێکدا من بڕوام بە بوونی سەرکەوتنی مەزن لەم سەردەمەدا نییە، بەڵکو وایدەبینم کردارەکانی مرۆڤو چالاکییەکانی دەستەوەستانییەکەی کەشفدەکاتو لە پایەی دادەبەزێنێ پتر لەوەی لە خودبوونو بەرجەستەبوونیدا بەشداری بکات.

لە ڕووداوەوە بۆ دەق دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی بڵێم دەق گەرچی بۆ واقیعە، بەڵام ئاوێنەی نییەو هاوڕێك نابێت لەگەڵیدا. بەڵکو لەوە زۆر گرنگترە. مەبەستم ئەوەیە توانای تێگەیشتنی واقیعو داڕشتنەوەی یاخود گۆڕینیمان بۆ دەرەخسێنێ. من کە ئەمرۆ ئەفلاتون، یاخود قورئان، یان ئیبن خەلدون دەخوێنمەوە، بۆ ئەوە نییە وەسفکردنی واقیعێکم دەستبکەوێت، کە تێپەڕیوەو بەسەرچووە، بەڵکو بۆ ئەوەیە توانای نوێ بۆ تێگەیشتنی واقیعی ئێستاو بینینی داهاتوو دابمەزرێنم. دەقی بەهێزی گرنگ توانای بەسەر ئەم ئەرکەدا دەشکێ، بەمەرجێك بە خوێندنەوەیەکی زیندووی کارایانەی بەرهەمدارانە بیخوێنینەوە.

***کەواتە با بگوێزینەوە بۆ ئەوەی دەینووسیت یاخود دەیخوێنیتەوە لە مامەڵەت لەگەڵ دەقەکانو کارە فیکرییەکاندا، میتۆدی تۆ چییە؟ جیهانبینیت چییە؟ لە کوێدا خۆت پۆلێن دەکەیت؟ لە چ ئاراستەیەکداو لەگەڵ کام میتۆددا؟**

-لێرەشدا دیسان نامەوێ ببمە سەرچاوەی خودی خۆم لە قسەکردنمدا لەسەر کارەکانم. ئەوان بۆ خۆیان لە خۆیان دەدوێن. ئەوەش کە دەربارەیان دەیڵێم هاوڕێك نابن لەگەڵیاندا، بەڵکو بریتی دەبێت لە قسە. لەبەر ئەوە چاوەڕێی کەسی تر دەکەم بمهێنێتە قسە یاخود نزیکم بکاتەوە یان بموروژێنێ..

***ئایا قسەکردن لەسەر بەرهەمە فیکرییەکەت دەتوروژێنێ؟**

-پەیوەندیی دانەر بە دەقو بەرهەمەکەیەوە پەیوەندییەکی بنەڕەتییە. لە پەیوەندیی باوك بە کوڕەکەیەوە یاخود خودا بە دروستکراوەکانییەوە دەچێت. لەبەر ئەوە نووسەر پەیوەست دەبێت بەوەی دەینووسێتو داکۆکیی لێ دەکات. دەشێ قسەکردن لەسەری بیوروژێنێ یاخود توورەی بکاتو بیخاتە سەر ڕەتدانەوەو هێرشکردن. لەگەڵ ئەوەشدا دەق لە خاوەنەکەی جیادەبێتەوە، چونکە دەق لە ئاکامدا شوێنەوارێکە کەینوونەی سەربەخۆی خۆی هەیە. شوێنەواریش شایەتی لەسەر حەقیقەتی دانەرەکەی نادات، بەڵکو خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت بەقەدەر ئەوەی حەقیقەتەکەی دەشارێتەوەو دەمانخاتە سەر دواندنی. لێرەوە دەکرێ دەق بخوێنرێتەوە بەبێ گوێزانەوەی بۆ دانەرەکەی.

بەرای من پێویستە پەیوەندیی باوکایەتی یاخود خاوەنایەتی نەهێڵرێت لە نێوان دوو لایەنەکەدا، بەڵکو لە خودی خۆیداو دابراو لەوەی دایناوە یاخود نووسیویەتی لە دەقی نووسراو بڕوانین. بە گوزارشتێکی ڕاشکاوانەتر، بەنیسبەتی منەوە وەك خوێنەرێك، نە مانا پێش لەفز دەکەوێتو نە تێڕوانینیش پێش قسەکردن. لەبەر ئەوە وەك فەزایەك بۆ تەئویل یاخود ئیمکانێك بۆ فرەیی ماناو جیاوازییەکەی مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەم. ڕوانینیش بۆی لەم ڕوانگەیەوە خوازیاری ڕێبازێکی نوێیە لە چارەسەر، یاخود تێگەیشتن. ئەگەر میتۆدە تەقلیدییەکان یاخود باوەکان لە هەوڵی ناسینی مەبەستەکانی دانەر یان ڕاڤەی گوتە یان چنینەوەی مانادا بن، ئەوا میتۆدە نوێیەکان، جیاواز لەمە یاخود بەپێچەوانەیەوە، ئامانجیان هەڵوەشاندنەوەی ماناو بەرهەمهێنانەوەیەتی، بەکارکردن لەسەر ترازاندنی یاخود گۆڕینی یان هەڵگێڕانەوەی یان پەرتکردنی یاخود تەنانەت ونکردنیشی، ئەوەش بە کەشفکردنی ئەو نامانایەی لەودیوی ماناوە خۆی حەشارداوە. بە گوتەیەکی دی: مانای گوتە، مەبەستم ئەوەیە کە قسە دەیڵێت، واتە مانای مانا، داپۆشینی گوتەیە بەهۆی ئاشکرابوونییەوە..

***لێت تێناگەم.. منت خستە سەرگەردانییەوەو بیرکردنەوەت چەواشەکردم، چۆن ئاشکرابوون دەبێتە شاردنەوە؟**

-ئەوەی لە فێرگەی فەیلەسوفانو دامەزراوەکانی مەعریفەوە فێری بووم ئەوەیە کە ئاشکرابوون (البداهە) روونیو کەشفبوونو هاوشێوەیانە، بەڵام ئەوەی بە فیکری خۆم کەشفم کرد ئەوەیە کە ئاشکرابوون (البداهە) بناغەی پەردەپۆشکەری قسەیە. گوتەی دیکارت بۆ نموونە وەربگرە: من بیردەکەمەوە کەواتە هەم. ئەم گوتەیە کە بە دامەزرێنەری فەلسەفەی خودگەرایی دادەنرێت لەسەر گوتەزای (تمثل) بینادەکرێت، کە (بداهە)ەکەیەتی. مەبەستم لە گوتەزای (التمثل) بڕوابوونە بەوەی مرۆڤ خودێکە بۆ خودی خۆی ئامادەدەبێتو خودی خۆشی هەر بەهۆی خۆیەوە دەرك دەکات بەشێوەیەکی راستەوخۆو تەواو وەك ئەوەی عەقڵی پەتی، یاخود فیکرێکی پەتیو بێگەرد بێت. لەکاتێکدا رەخنەی نوێ بۆی کەشفکردین کە لە نێوان خود (الذات)و خودەکەیدا چەند نێوەندو مومارەسەو بونیاد هەن کە رێگری مرۆڤن لە بینینی خۆیو وادەکەن ئەستەم بێت ببێتە ئاوێنەی فیکری خۆی. خود (الذات) جەوهەرێکی بیرکەرەوە نییە خودی خۆی بنوێنێ هەر بە خودی خۆی (لەرێگەی خودی خۆیەوە) بەوپەڕی بێگەردیو شەفافییەت، بەڵکو مەنزومەیەکی بیروباوەڕ یاخود تۆڕێکی مەجاز یان دنیایەکە لە سەرگەردانی. ئەگەر بمەوێت بە زمانی فرۆیدیش بدوێم دەڵێم: گۆرەپانێکی ململانێ یاخود ململانێ لە نێوان وەسوەسەی ئارەزووەکانو کابووسی تابۆکان، بەڵام ئەگەر بمەوێ بە زمانێکی نوێتر قسە بکەم دەڵێم: لە شانۆیەك دەچێت چەند هێزو کەسێك بەشێوەیەکی ونو فێڵبازانە گەمەی لەسەر بکەن..

***ئەمە ئەوەیە کە تۆ دەیکەیت وەك دەردەکەوێت. تۆ لە هەوڵی مومارەسەکردنی گەمەو فێڵدایت بێ زیادو کەم. لەبەر ئەوە دەبینم بەردەوام لە وەڵامی ئەو پرسیارە رادەکەیت کە رووبەرووت دەکەمەوەو ئەوەندەی لە تواناتدا بێت کار لەسەر ئەوە دەکەیت گفتوگۆیەکە نەگاتە هیچ دەرەنجامێك، بەڵکو مەیلت بەلای ئەوەدایە کارەکان تێکەڵاو و تەمومژاوی بکەیت.**

-باشە. ئەگەر روونکردنەوەت بوێت پێت دەڵێم. کاتێك یەکێك لە ئێمە دەڵێت: (خودێکی بیرکەرەوە)یە، گوتەکەی ئەو ئاشکرای ئاشکراکان (بداهە البداهات) پێك ناهێنێت، وەك دیکارت یان ئیبن سینا گومانیان وابووە، بەڵکو ئەوە گوتەیەکە (پاڵپشتە نهێنییەکان)ی خۆی حەشار دەدات، گەر نموونەی ئەم ئیستیعمارەیەمان بوێت، واتە ژیانی ناوەکییانەی عەقڵ دەشارێتەوەو لەو ناوچە خاوە لە فیکر بێئاگا دەبێت کە ئەمرۆکە بەناوچەی (بیرلێنەکراوە/ اللامفکر فیە) ناوزەدی دەکەین، کە ناوچەی دەرەوە یاخود دوورخراوەیە لە بازنەی بیرکردنەوە. رەخنەی هەڵوەشاندنەوە گەرانە (تفکیکی) کاتێك ئەوە کەشفدەکات، لەوەدا کە هەڵیدەکۆڵێ لە چینەکانی قسەو گوتراوەکان، ئابڕووچوونێك (فضیحە) بۆ عەقڵو فیکر پێکدەهێنێ، لەبەر ئەوەی ئەوە کەشفدەکات کە بە عەقڵدا دێتو دەچێت یاخود ئەوەی عەقڵ لەسەری خول دەخوات لە جۆرەکانی گێلیو شێتیو ناماقووڵ، یان کەشفی ئەوە دەکات کە خودی بیرکەرەوە لە بیری دەکات لەوەدا کە بیری لێ دەکاتەوە. فیکر رەنگدانەوە یان ئیشراق یاخود درەوشانەوە نییە. فیکر لەسەر بێدەنگی یاخود چەپاندن بنیاددەنرێتو لەسەر دوورخستنەوەو بیرچوونەوە دەوەستێت. لەبەر ئەوە مرۆڤ ئەوە نییە کە دەیەوێتو وشیارە پێی یاخود بیری لێدەکاتەوە.. لەمەش بەولاوە ئەو شتەیە کە نەزانە پێیو بیری لێ ناکاتەوە یاخود نایەوێت. بەگوزارشتێکی دیکە: من هەم کاتێك بیرناکەمەوە، یان بیردەکەمەوە کاتێك کە نابم.

***وا دیارە دەسبەرداری ئەم گەمەیە نابیت کە هەلی هەڵگێڕانەوەو سەراوبنکردنی مەسەلەکانت بۆ دەرەخسێنێ.**

-لێمگەرێ با لە بیرکردنەوەو رێبازی خۆمدا بەردەوام بم. ئەوەی دەربارەی ئابڕووچوونەکان (فضائح)ی عەقڵو پەردەو بەربەستەکانی گوتە وتمان دەکرێ بەسەر هەموو گوتارێك یاخود دامەزراندن (تأسیس)ێکدا پراکتیك بکرێت. گوتاری یاسایی یان شەرعی بەنموونە وەربگرە، کە ئابڕووچوونی خۆیانیان هەیە. ئەوپەراوێزانەن کە کارلەسەر بەرهەمهێنان یاخود ریسواکردن یان دوورخستنەوەی دەکەن، واتە ئەو مومارەسە نامەشروعانەو پەیوەندییە ناشەرعییانەیەی دەوری دەزگاو رێکخراو و یاساکان دەدەن، یاخود ئەوەی رێساو پێوەرو نەریتەکان دەسمێت (دەبرێت). ئەمە کاری گوتاری عەقائیدییە، کە ئەمیش ئابڕووبردن (فضیحە)ی خۆی هەیە، مەبەستم پێی پەردەپۆشکردنی مەیلی هەڵبژاردەیی دەستەبژێریانە یاخود رەگەزپەرستانەیە کە رێگە دەدات بە هەموو

خاوەن بیروباوەڕێك بچێتە ناو بیروباوەڕەکەیەوە یاخود بانگەشەی بۆ بکات. تەنانەت (گوتاری ئازادی)یش بۆ خۆی لەوە دەرناچێت کە بە تۆی دەڵێم. فەزیحەتی ئەم گوتارەش لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە خودی خۆی پەردەپۆش دەکات واتە ئەولەویەتی خاوەنی گوتەو گوتار. چونکە ئەوەی بۆ مومارەسەی ئازادیی خۆت بانگت دەکات بەو شێوەیە مامەڵەت لەگەڵدا دەکات کە لە تۆ لە پێشترە بە ئازادیتو نەفست. سەبارەت بە گوتاری لۆژیکیستەکانیش ئەوا ئابڕووبەرترینی ئابڕووبەرەکانە (فضیحة الفضائح). لەو سۆنگەیەوە ئەم گوتارە کە خۆی وەك گوتاری ئاشکرا یەکەمینەکان (البداهات الاولی) پێشکەش دەکات، هەمان کائینە کە خۆی پەردەپۆش دەکات، لەبەر ئەوەی جەستەو تاكو ڕووداو (حدث)و دال یاخود ئاماژە دووردەخاتەوە، واتە نیشانەکانی کەینونەو تەجەلاکانی دووردەخاتەوە.

***ئایا تۆش لەگەڵ مندا وا نابینیت کە زیادڕەویو پەرگیری بکەیت لەم ڕماندنی دنیای مانایەدا، وەك ئەوەی بتەوێ ئارەزووی خۆت بۆ مومارەسەکردنی تووندوتیژی تێربکەیت لەوەدا کە دەیبینیو گوزارشتی لێ دەکەیت؟**

-ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە هەوڵدەدەم لەوە تێبگەم کە بەڕێوەدەچێتو ڕوودەدات. من شایەتم بەسەر شارو کۆمەڵگەو سەردەمەکەمەوە. من لە تۆ دەپرسم: چۆن لەم هەموو دارمانو کارەساتو لەم هەموو دزێویو پێشێلکاریانە تێدەگەیت؟ چۆن تەفسیری ئەم هەموو شەپۆلانەی توندووتیژی دەکەیت کە مرۆڤایەتی لەمرۆدا دەیانبینێت؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە عەقڵانییەتی ئێمە ئەم پاشماوە کەڵەکەبووە ناماقووڵانەیە کە دەیشارێتەوە یاخود لە دوای خۆیەوە فڕێی دەدات؟ ئایا ئەوە ناگەیەنێ کە هەستی مرۆڤانەمان هیچ نییە، جگە لەم ڕەگەزپەرستییەی دەیچەپێنینو پەردەپۆشی دەکەین؟

***باشە.. پێم وایە بیرۆکەیەکت دەربارەی میتۆدەکەت دامێ بەبێ ئەوەی مەبەستت بێت.**

-ڕەنگە ئەمە شایەتی ئەوە بێت، کە مرۆڤی عاقڵ نە خاوەنی خۆیەتیو نە ڕابەری فیکریەتی، واتە بەپێچەوانەی ئەوەی فەلسەفەی خودگەرایی (فلسفة الذاتیة) دەیڵێت کە دیکارت دایمەزراندو هۆسرل کۆتایی پێ هێنا بە تێپەڕین بە دوو فەیلەسوفی گەورەی دیکە کە کانتو هیگڵن. ئەگەر بمەوێ قسەکەم زیاتر دیاری بکەم دەڵێم: ئەم سەردەمە لانی کەم، چیتر سەردەمی سەروەری نییە بەنیسبەتی مرۆڤەوە. نموونەیەکم لە یادە: لە دوای وەرگرتنی جڵەوی فەرمانڕەوایی لە لایەنی کلینتۆنی سەرۆکی ئەمریکییەوە بە یەك ڕۆژ، دانی بەوەدا نا کە (واقیعی نەبووە) سەبارەت بەوەی پەیمانی پێداوە یان بیری لێ کردۆتەوە. مانای ئەم دانپیانانەش کە لە سەرۆکی دەوڵەتێکی گەورەو هێزێکی مەزنەوە دەردەچێت ئەوەیە کە مرۆڤ لە پێشوو دەستەوەستانترە لە تەدبیرو جێبەجێکردن. مانای ئەوەیە چیتر ئەو زاتە نییە کە لە ڕۆژگاری (پسمارك)دا هەبوو. بەڵێ مرۆڤ ئێستاکە توانایەکی زەبەلاحی لەسەر کردارو کاریگەرێتی هەیە، بەڵام بەبێ بوونی توانا لەسەر چاوەڕوانیکردنو تەدبیرو دیاریکردن.

***ئاشکرابوو کە تۆ دژی فەلسەفەی خودگەراییت.**

-گومانی تێدا نییە، مرۆڤ خودە بە قەدەر ئەوەی مومارەسەی پەیوەندیی خۆی بە بوونەوە دەکات بەوپێیەی کانگای ئارەزوو یان سەرچاوەی کردار یان هەڵگری فیکرە، یاخود بەوپێیەی بەرهەمهێنەری مانا یان مەعریفە یان بنیادنەری گوتارە، بەڵام ئەو خودە کاراو خوڵقێنەرەی مومارەسەی سەروەریی خۆی بەسەر نەفسی خۆیو کردارەکانیدا دەکرد، کەوتە لەقینەوە لەژێر چەکووشی ڕەخنەدا، هەر لە نیتشەوە هەتا هاوچەرخەکانی نموونەی دەرەیدای خاوەنی هەڵوەشاندنەوە. ئەگەر فەلسەفەی دیکارت دەرگای نوێگەریی بە دەرکەوتنی وێنەی مرۆڤ/ خودو زاڵبوونی بەسەر وێنەی خودا/ خوددا کردبێتەوە، ئەوا هەردوو خودەکە بوون بە جێگای گومانکردنو چیدی لە بەڵگەنەویستەکانی فیکر نین. ئێمە ئێستاکە لە قۆناغێکی نوێی نوێگەریدا دەژین، کە هەندێك بە (دوای نوێگەری) ناوی دەبەن. بەڵێ ڕەخنە بە مانا هەڵوەشاندنەوە گەراییەکەی بەسەر ئەم قۆناغەدا زاڵ دەبێت، بەڵام دەشێ لە دەرەنجامی ئەم هەڵوەشاندنەوەیەوە پەیوەندییەکی نوێ بکەوێتەوە کە چاککردنەوەی مانای پێ بەئاکام بگات، مانای ڕەخنە ئەوەیە کە ئامرازی کۆن ژەنگی هێناوەو دەبێ هەڵوەشێنرێتەوە.

***کەواتە تۆ لە هەوادارانی هەڵوەشاندنەوەیت، وەك هەندێك تۆمەتبارت دەکەن!**

-هەڵوەشاندنەوە تۆمەت نییە، مەگەر لای پاسەوانانی عەقیدەکانو بەرگریکەرانی ئیمپریالییەتی

ماناو دیکتاتۆریەتی حەقیقەت، یان ئایا کە من هەڵوەشاندنەوەگەر بووم یان نا، ئەوا بۆ کارەکانم بەجێدەهێڵێم لەوە بدوێن کە پێی هەڵدەستم.

***با بۆ نووسینەکانت بگەڕێینەوە. لە کوێدا خۆت پۆلێن دەکەی؟ ئایا تۆ نووسەری یان توێژەر یان بیرمەند؟.**

-وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارە کارێکی قورسە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی مەیدانەکان بەرووی یەکتریدا کراونەتەوە. سەرەرای ئەو پەشێوییە دەلالییەی ریشەکانی بە زمانو گوتارەکاندا رۆچووە. نازانم چیت پێ بڵێم: ئایا من رووناکبیرم یان نووسەر یان رەخنەگر یان بیرمەند..؟ رەنگە هەمووشیان بم، بەو مانایەی پەیوەندیم بە هەموویانەوە هەیە کە تێکەڵبوونو چیدی توانای جیاکردنەوەیان نەماوە. بێگومان کە لەو رووەوە بۆ ئەم کارە فیکرییانە بروانین کە شوێنەوارن، لەو کاتەدا تەنیا نووسین دەردەکەون. هەمووومان نووسەرین لە ئاکامدا، گەر بمانەوێ حوکم بەسەر کارەکانماندا بدەین لەو لایەنەوە کە رووداوگەلێکی گوتارییانەی مەلموسن، مەبەستیشم بە رووداوە گوتارییەکان وتراو و بێژراو (المنطوقات والملفوظات)ن.

***کەواتە تۆ خۆت پۆلێن ناکەیت!**

-ئەوەتا تۆ بە دکتۆر بانگم دەکەیت، هەیە بە (ئەی رووناکبیر) قسەم لەگەڵ دەکات.. هی وایش هەیە وەك بیرمەند قسەم لەگەڵدا دەکات. بەڵکو لە نووسەراندا هەیە لە کارەکانی مندا ناوکی پرۆژەیەکی رووناکبیرییانە دەخوێنێتەوە. ئەمە سەبارەت بەو کەسانەی نووسینو دەسکەوتەکانم دەنرخێنن، بەڵام ئەوانەی نایاننرخێنن، هەموو نووسراوەکانم نەفی دەکەنو دیوێکی تێدا بەدی ناکەن شایانی ستایش بێت. بە کورتی نووسەر خاوەنی کەسانێکە کە سەرسامن بەوەی دەینووسێو ستایشی دەکەن، لە بەرامبەریشدا نەیارانێکی هەیە نووسینەکانی نەنگدار دەکەن یان هێرشی دەکەنە سەر.

***بۆچی تۆ ئەمە بەهێرشکاری دادەنێیتو نایخەیتە خانەی رەخنەو کێبرکێوە؟**

-کێبرکێ شەرەو کێشمەکێشی هەیە. لەبەر ئەوە دوژمنکارێو دەمارگیری لەخۆدەگرێو خاڵی نییە لە رقو کینە. پێویستە مەسەلەکان سادە نەکەینەوە. کێبرکێ لە نێوان ئەهلی فیکردا بەردەوام ململانێ نییە لە پێناو حەقیقەتدا یاخود بەرگری نییە لە دیموکراسییەت. لەگەڵ ئاماژەکردن بەوەی کە ئەو رەخنەیەی نووسینو دەقەکان رووبەرووی دەبنەوە دوو رووی هەیە: رەنگە شایەتی بێت لە دژیو دەشێ شایەتیش بێت بۆی.

***چۆن دەبێ بە شایەتی بۆی؟**

-بۆ ئەو قسەیە دەگەڕێمەوە کە کێبرکێ لە نێوان ئەهلی فیکردا بەردەوام لە پێناو خۆشویستنی مەعریفەو کەشفەوە بەرێوە ناچێت. دەشێ مەسەلەکە لە نێوانی ئەوانو پیاوانی دەسەلاتیشدا هەر وابێت، کە ململانێ لە نێوان لۆژیکی دەسەلاتو ئیرادەی مەعریفەدا بەرپادەبێ، بەلام ململانێ لەناو گۆرەپانی رووناکبیرییدا ململانێی نێوان چەند هێزێکە، واتە نێوان چەند سەرچاوەیەکی فیکری یاخود دەسەلاتگەلێکی مەعریفییە. دەسەلاتی هەر یەکێکیشیان هەتا بەهێزتر بێ لە ناوەندەکەدا، واتە هەتا فیکرەکەی بلاوتربێتەوەو ناوبانگەکەی زۆرتر بێت، ئەگەری کەوتنە بەر هێرشی زیاتر دەبێت لەلایەن ئەوانی ترەوە، کە بە هەرەشەیەکی دادەنێن بۆ سەر ئاسایشی مەعریفییان.. لەبەر ئەوە هەندێکجار لە هێرشکردندا بۆ سەر نووسینەکانم ئەوە دەخوێنمەوە کە دەبێتە شایەد بۆم لەسەر ئەوەی ناوی منو فیکری من لە بلاوبوونەوەی زیاتردایە، نەك ئەوەی لەسەر هەق بم..

***وا دیارە تۆ بەرەو ئەوەم دەبەیت کە دەتەوێتو دژی ئیرادەو ئارەزووی خۆمە. لەراستیدا مەبەستی من لە پشتی ئەم گفتوگۆیەوە ئەوە بوو بە پلەی یەکەم قسە لەسەر فەلسەفە بکەین، بەتایبەتیش کە تۆ کاری لەسەر دەکەیت، بەڵکو تەنانەت لە نووسینەکانتدا دەربارەی فەلسەفەو فەلسەفەکاریو فەیلەسوفان ئەوەندە دەنووسیت بەشێوەیەك هەندێکجار دەکەویتە زیادرەوییەوە یاخود بە نوقمبوویی لە مومارەسەی ئەم ئارەزوومەندییەدا دەردەکەویت. بەکورتی وات لێ کردم مەسەلە بنەرەتییەکەی ئەم گفتوگۆیەم لەبیر بچێتەوەو تۆش لەبیرت چووەوە دەربارەی ئەزموونی خۆت لەم بارەیەوە بدوێیت، بەڵکو مەسەلەکەت هەمووی لەبیر بردەوە.**

-سوپاس بۆ ئەم گلەیییەی کە شتێك لە رەخنەی لەسەر من لەگەڵدا تێکەڵ بووەو پێت دەڵێم زۆریی قسەکردن لەسەر فەلسەفە بەردەوام ئەوە ناگەیەنێ ئەوەی ئێمە دەینووسین فەلسەفە بێ. بەپێچەوانەوە لەوانەیە دوورترین شت بێت لە فەلسەفەوە. لەبەر ئەوەی فەلسەفە، با بڵێم نووسینی فەلسەفی، نووسینی ئەوەیە کە فەلسەفە نییە، بەڵکو گۆڕینی ئەزموون

یان تاقیکردنەوە یاخود هاوژیانییە، وەك پەیوەندیی نێوان نووسەران بۆ نموونە، بۆ چالاکییەکی چەمکییانە یاخود کارێکی فیکری. ئەگەر دروست بێت بڵێم من تا ئێستاکە قسەم لەسەر فەلسەفە نەکردووە، ئەوا بەوە لێی نزیك بوومەتەوە بەشێوەیەك حسابم بۆ نەکردبێ.

***ناهێڵم جارێکی تریش بەرەو خۆت کێشم بکەیت. دەمەوێ لێت بپرسم: چۆن بەرەو فەلسەفە هاتیت؟**

-نازانم چ خەونێك یان شەیدابییەك پەلی گرتم بۆ ئەوەی فەلسەفە وەك مەیدانێك بۆ پسپۆڕی هەڵبژێرم..

***تۆ دەڵێیت هەڵمبژارد، بەڵام هەڵبژاردن لە بیرکردنەوەوە سەرچاوە دەگرێ. پەیوەندیی بیرکردنەوە چییە بە خەونو شەیداییەوە؟**

-ئێمە دەڵێین ئەمە هەڵبژاردەی خۆمانەو هەڵبژاردنیشمان لە فیکرەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ئەوەی گوتە نایڵێتو رەخنە کەشفی ناکات یان ئەوەی مومارەسە بەدرۆی دەخاتەوە ئەوەیە کە گوتە (وتن) بەرهەمی لۆژیکی رووت یاخود موحاکەمەی یەکلاکەرەوە یان تێروانینی بابەتییانە نییە. (وتن) هەندێك شت دەڵێتو لە هەندێکیشی بێدەنگ دەبێت. ئەوەش کە گوتەکان لێی بێدەنگ دەبن، کایەی پێکهاتنو مەرجی ئیمکانو ئەو فەزایەیانە کە ئەوەیان بۆ دەرەخسێنێ کە بینابکرێنو رێکبخرێن. سەرەرای ئەو ستراتیژانەی مرۆڤ بە ئارەزوو و دەسەڵاتەوە دەبەستنەوە. ئێمە بوونەوەرگەلێکین ئیرادە دەکەینو دەسەڵات مومارەسە دەکەینو رەنگە حیزبایەتی بکەینو دەمارگیریش بین، لە سەروو ئەوەشەوە کە خۆشەویستی دەکەینو عەشق ئەنجامدەدەینو تاسەو ئارەزوومان دەبێتو شەیدا دەبین.. لێرەوە هیچ وتارێکی ئێمە نییە ریشەکانی بە خەونو خەیاڵدا رۆنەچووبن. سەرت نەسورمێ کە پێت دەڵێم هەڵبژاردنی من بەرهەمی کۆمەڵێك فاکتەرو زۆرکارییە (اکراهات) کە لەهەمان کاتیشدا رێکەوتن؟

***دەبینم هەمیشە دژەکان کۆدەکەیەوە! چۆن زۆرکاری (اکراهات)و شتە زەروورییەکان دەبنە رێکەوت؟**

-ئەم قسەیە دەبێتە مومکینو مەعقول کە پەیوەندیی نێوان زەرورەتو رێکەوتمان رێکخستەوە. رێکخستنەوەی ئەمەش گەرانەوە بۆ بناغە دەسەپێنێ، واتە بۆ بوونەوەر (الکائن). لە تایبەتمەندییەکانی بوونەوەریش ئەوەیە کە روودەدات، لە رووداویشدا (الحدث) زەرورەتو رێکەوتیش لە یەك کاتدا کۆدەبنەوە، چونکە ئەوەی روویداوە دەبوایە هەر رووی بدایە، لەبەر ئەوەش کە لە خودی خۆیدا نوێیەتیو جیاوازیو بێوێنەیی دەگرێتەخۆی. لێرەوە دەکرێ حەتمییەتەکان تێپەڕێنرێنو لە یاسا ئامادەکراوەکانیان ئازادببین بۆ ئەوەی بەسەر مومکینو جیاوازو دژدا بکرێینەوە.. لەبەر ئەوە دەڵێم هەڵبژاردنم بۆ فەلسەفە گوزارشت نییە لە زەرورەتێکی نابینا نە ویستێکی رووتیشە، ئەوەندەی تەعبیرە لە گونجان. ئەوەش کە سەبارەت بە تاك دروستە دەشێ بەسەر دیاردەکەشدا دروست بێت. بەم پێیە دەکرێ دەرکەوتنی فەلسەفە لای گریك بخوێنینەوە. ئەو دەرکەوتنە گوزارشت نەبووە لە زەرورەتێك کە یۆنانو فەلسەفە بەیەکەوە ببەستێتەوە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی یاخود خورافییانە، بەڵکو تەعبیربووە لە کۆمەڵێك رێکەوت. لە گەمەی ئەگەرەکان (ممکنات) یاخود گونجانی رووداوەکان زیاتر نییە.

***ئایا ئەوە بە گەمە دادەنێی؟**

-بەڵێ هەڵبژاردنەکانمان هیچ نین جگە لە چەند ستراتیژێك کە لە رێگایانەوە یاریو گەمەی خۆمان مومارەسە دەکەین.

***ئایا بەختەوەریت بە هەڵبژاردنی خۆت، واتە بە گەمەکەت؟**

-ئەوەت پێ ناڵێم کە ئەگەر بۆم برەخسایە لە نوێوە بژیامایە هەمان بابەتم هەڵدەبژاردو هەمان کارم دەکرد کە ئێستا دەیکەم، وەك هەندێك لە نووسەران دەڵێن، ئەگەر وابوایە کەسێکی دۆگما دەبووم کە لە بۆچوون یاخود هەڵوێستی خۆم لام نەدەدا. بۆ نموونە ئەگەر خەڵاتە گەورەکەی ئەمساڵم ببردایەتەوە ژیانم دەگۆڕی، مەبەستم پەیوەندیمە بە خوێندنەوەو نووسینەوە، چیتر هەمان ئەوەم نەدەنووسی کە دەینووسمو بەهەمان رێبازیش. هیچ شتێك هاوتای ژیان نییە. هیچ شتێك هاوتای پەیوەندیی خۆشەویستییانەی تۆ نییە بە خێزانەکەتەوە. هیچ شتێك نییە جێگەی سەیران لەگەڵ ژنێکی جواندا بۆ تۆ بگرێتەوە. تەنانەت ئەو ناوبانگەش کە ئەدیب یان بیرمەند هەوڵی بۆ دەدات دەشێ سەرکەوتنێکی پووچ بێتو لەسەر حسابی ژیان خۆی بە ئاکام بگات.

***کەواتە بۆچی دەنووسیتو فەلسەفەکاری دەکەیت؟**

-لە نوێوە دەڵێم من خاوەنی پرۆژەیەکی رووناکبیرانە نیم. بانگەشەی رووناکبیرکردنی خەڵکی یان ئازادکردنیان ناکەم. نووسین ئارەزوومەندییەکە

مومارەسەی دەکەمو چێژی لێ وەردەگرم. بێگومان پێویستە لەسەرم ئەم ئارەزووە بەڵکو ئەو گەمەیە بە وردیی بکەم. پێویستە گەمەکە بە گوێرەی چەند ڕێسایەك یاخود بە داهێنانی ڕێساگەلێکی نوێ مومارەسە بکەم. گرنگ ئەوەیە یاری بکەمو خاوەنی وەرەقەکانی خۆم بم. واتە کەرەستە مەعریفیو زمانەوانییەکانم، لەگەڵ پلانەکانمداو ئەو هەوڵە بەردەوامەم کە دەیدەم بۆ نوێکردنەوەی ئامرازو چەکەکانمو هەموو ئەو شتانەی هەلی ئەوەم بۆ دەڕەخسێنن بکەرو بەرهەمهێن یاخود داهێنەربم لە نووسینو کارەکانمدا.

***کەواتە هیچ ئامانجێکی باڵا لای تۆ بوونی نییە هەوڵی بۆ بدەیت؟**

-ئەگەر مامەڵە لەگەڵ خودی خۆمدا وەك نووسەرێك یاخود سەرقاڵێك لە مەیدانی فەلسەفەدا بکەم، حەزناکەم خەڵکی بۆ هیچ بانگەوازێك بانگ بکەم. دەترسم بانگەوازەکەم بە ڕێگەیەکی ستەمکارانەی فاشیستانە مومارەسە بکەم، وەك ئەوەی لای ئێمە بانگەوازەکان مومارەسە کراون. تۆ دەزانی ئێمە چیمان چەشتو بەردەوامیش دەیچێژین لە موعاناتی خاوەنانی عەقیدەو مەزهەبەکانو خاوەنانی بانگەوازو ئایدۆلۆژیاکان، نەخوازەڵا حزبو ڕێکخراوەکان.

***بەڵام ئایا ئەوە نابینیت کە تەنیا بەوەی دەنووسیت، ڕوو لە خوێنەر دەکەیتو شتی ئاراستە دەکەیت؟**

-مەبەستت ئەوەیە پەیامێك ئاراستە دەکەم، پەیامیش شێوەیەکە لە شێوەکانی بانگەواز یان پێکگەیشتن یاخود گفتوگۆ.

***کتومت وایە.**

-من ئەوە نەفی ناکەم، ئەگەرنا، مانایەك بۆ ئەم گفتوگۆیەی نێوانی منو تۆ نەدەبوو، بەڵام ئەوەیان بە باشتر دەزانم کە بڵێم دەنووسم بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئەزموونو ژیانی خۆم بکەم. ئەزموونی من وەك ئەزموونی زانایەك نییە لە تاقیگەکەیدا، واتە ناکرێ دابڕێژرێو بەهەموێنرێ (تەعمیم بکرێ) بەسەر خەڵکیدا بەشێوەی زانراوێك (زانیارییەك) یاخود بیردۆزەیەك. ئەزموونێکی تاکانەی وایە کە ناکرێ بگوێزرێتەوە یان دووبارەبکرێتەوە، بەڵکو دەکرێ بپشکنرێو تاقیبکرێتەوە یاخود بخوێنرێتەوەو بهێنرێتەگۆ. لەم ڕووەوە دەکرێ خوێنەر گرنگیی پێ بدا. بێگومان خوێنەر بەو پێیە مامەڵە لەگەڵ نووسینەکانمدا دەکات کە سوود یاخود چێژی پێ دەگەیەنێ یان بەو پێیەی چەند نووسینێکن خاوەنی ڕەهەندگەلێکی ڕۆشنگەرانەن. ڕەنگە پێچەوانەی ئەوەشیان تێدا بەدی بکات، واتە چەند نووسینێك کە هەڵخەڵەتێنەرنو ئەمەش مافو خواستی خۆیەتی، بەڵام نووسەر هەمیشە خواستە یەکەمەکەی خۆی حەشار دەدات کە کێشکردنی خوێنەرو ڕاکێشانییەتی بۆ لای خۆی، بەوەی دەیخاتە ناو تۆڕە دەلالییەکانی خۆیەوە یاخود تەڵە چەمکییەکانییەوە. نووسەر ڕاکردوویەکی دەوێ ڕاوی بکات، بەڵام خەمە مەعریفییە ڕۆشنگەرانەکە لە دوای ئەوەوە دێت. لەبەر ئەوە خوێنەر پێویستە گەمەکە کەشفبکات بە ئاگاداربوون لەو لاپەڕانەی نووسەرەکە دەیانشارێتەوە.

***دەبینم تۆ بەوە چەمکی نووسین هەڵدەتەکێنی؟**

-من وایدەبینم کە تۆ بەرگری لە چەمکێك بۆ نووسین دەکەیت کە خوێنەر تەنیا بۆ قوتابی یاخود وەرگرێك بگۆڕێو بیکاتە بابەتێك بۆ دەسەڵاتی نووسەرو دەق. ئەو چەمکەی من لە هەوڵی خستنەڕوویدام، بەپێچەوانەوە ئەو هەلە بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ بە دەستپێشکەرییەکەیدا بچێتەوە یاخود مومارەسەی چالاکییەکەی خۆی بکات. چەمکێکە خوێنەرێکی دەوێت ئاوڕ لەو شتە بداتەوە کە نووسەر دەیشارێتەوە سەبارەت بەوەی دەینووسێتو دەسەڵاتی خۆی لێوە دەخوازێت. کاتی ئەوە هاتووە دان بەم ڕاستییەدا بنێین، کە بریتییە لەوەی نووسین، بوارەکانی هەرچییەك بن، خەمێکی مەعریفیی ڕۆشنگەرانە نییە ئەوەندەی مومارەسەیەکی دەسەڵاتگەرایانەیە بەسەر خوێنەردا. ستراتیژیەتێکی فرە جەمسەرەو تێیدا ڕەهەندی مەعریفیو دەسەڵاتگەراو عەشقیو ڕەگەزپەرستیانەو جوانناسانە بەناو یەکدا دەچن.. ئەگەر نزیککردنەوەیەکی ترت بوێت ئەوا دەڵێم جۆرێکە لە کاڵاو دەیخەینە ڕووی خوێنەر، ئێمە لەم ڕووەوە لە بازرگان دەچین، واتە کاڵاگەلێکی نوێ پێشکەشی خوێنەران دەکەین، کە بریتین لە (شتانێکی نوێ) لە شێوازو ئایدیا یان تیۆر.. لە هەردوو حاڵەتەکەدا سیستەمێك هەیە بۆ نمایش. جیاوازیی نێوان نووسەرێكو یەکێکی دیکە، لە هێزی سیستەمەکە یاخود لە جوانیی خستنەڕوویەکەدایە. سەریشت لەم میتافۆر (استعارە)ە نەسوڕمێت. هەموو نوێیەك ڕیشەیەکی کۆنی هەیە. لۆژیکیستە عەرەبەکانیش وتوویانە زانست گەرانە بەدوای (عوارض)ە خودییەکاندا. (عوارض)یش هیچ نین جگە لەوەی بە زانستمان لەسەر شتەکان دەیخەینەڕوو.

***بەڵام دەبینم قسە لە حەقیقەت دەکەیت بە هەڵتەکاندنی چەمکی حەقیقەت خۆی، مەبەستم ئەوەیە تۆ هەموو ئەو شتانە دووردەخەیتەوە کە پەیوەندییان بە لۆژیك‌و راستگۆیی یاخود میسداقییەتەوە هەیە لە مەفهومی تۆدا یاخود لە ممارەسەی تۆدا بۆ حەقیقەت.**

-نا. پێویستە بە چەمکی حەقیقەتدا بەشێوەیەکی تایبەت بچینەوە. حەقیقەت شتێك نییە لە لۆژیك دابڕێت. واتە پێش ئامرازەکانی مەعریفەو ئامێرەکانی بەڵگاندن یاخود قەناعەتپێهێنان ناکەوێت. بە تەعبیرێکی دیکە: حەقیقەت شتێك نییە سەربەخۆ لە خودی خۆیداو بەدوایدا بگەڕێین تا دەستی بەسەردا بگرین، بەڵکو شتێکە ممارەسەی دەکەین‌و دروستی دەکەین یاحود بەرهەمی دەهێنین. ئەوەیە کە دەق یاخود فیکر دەیخوڵقێنێ‌و بوونی ئەو پێش ممارەسە فیکری‌و گوتارییەکان ناکەوێت.

***چۆن لێی نزیك ببینەوە؟**

-پێت دەڵێم ئەوە شتێکی ئامادەنییە بۆ ئەوەی لێی نزیك ببینەوە، بەڵکو بەرهەمێکەو لە گوتارو قسەدا بەرهەمدێت. دابڕان نییە لە نێوان حەقیقەت‌و گوتەو قسەدا.

***باشە.. چۆن دژو ناکۆك نەبین لەگەڵیدا؟**

-بەقەدەر ئەوەی لایەنگریی ناکەین‌و کار لەسەر گۆڕینی بۆ عەقیدەیەك ناکەین کە پێویستی بە پاسەوانی هەبێت. دەمارگیری بۆ حەقیقەت دژی حەقیقەتە. بە گوزارشتێکی راشکاوانەش: لە حەقیقەت نزیك دەبینەوە بەقەدەر کرانەوەمان بەسەر هەڵەدا. ئەو حەقیقەتەی نەکەوێتە هەڵەوە حەقیقەت نییە. ئەگەر تەعبیرێکی راشکاوانەترت بوێت، دەڵێم: لەگەڵ حەقیقەتدا دژ دەبین کاتێك بڕوا بە بوونی حەقیقەتێك بهێنین خاڵیبێت لە دژایەتی‌و ناکۆکی (التناقض)، لە چەمکەکەشی نزیك دەبینەوە کاتێك لەو بڕوایەداین حەقیقەت حەقیقەتەکەی کەمترە لەوەی پێویستە.

***وا دیارە تۆ سووریت لەسەر ئەوەی من بخەیتە داو و گەمە فیکرییەکانتەوە. چەمکی نووسینت هەڵتەکاند، بەدواشیدا چەمکی حەقیقەت. ئەوەتا لە کۆتاییشدا فەلسەفە هەڵدەتەکێنیت، بە هەڵتەکاندنی بناغەی لۆژیکییانەی فیکر، واتە هەڵتەکاندنی پرنسیپی شووناس‌و نەبوونی ناکۆکی‌و دژایەتی (عدم التناقض). رەنگە ئێستا لەو (مەرگ)ە تێگەیشتبم کە قسەی لەبارەوە دەکەن، مەرگی فەلسەفەو مەرگی نووسەرو مەرگی مرۆڤ، وەك ئەوەی لە ممارەسەی فیکری خۆتەوە دەردەکەوێت. ئایا بڕوات وا نییە بەوەی تۆ شایەتێك لەسەر تەنگژەی فیکرێ باوی ئێستاکە پێشکەش دەکەیت، کە جارێك بە هەڵکۆڵینکاری (حفريات) ناوی دەبەن‌و جارێکی تریش بە هەڵوەشاندنەوەکاری (تفكيكيات)؟**

-بە پێچەوانەوە، ئەو هەوڵە فەلسەفییانەی بەسەر دژو جیاوازو پەراوێزی‌و هەڵاوێردەیی (استثنائي)و فەردی‌و جەستەییدا کراونەتەوەو لۆژیکی شوناسیان تێکشکاندووەو بۆ هەڵوەشاندنەوەی گوتارەکان تێکۆشاون، وەك لە هەوڵەکانی فۆکۆو بارت‌و دۆلۆزو درەیدادا دەردەکەوێ، ئەو هەوڵانەی تریش کە بەو پێیە مامەڵە لەگەڵ دەقەکاندا دەکەن بوونێکی مەلمووس‌و سەربەخۆن لە دانەرەکانیان‌و حەقیقەتی خۆیان خەڵق دەکەن، ئەم هەوڵانە هەموویان نوێکردنەوەن بۆ فیکرو ئەو ئامرازە مەعریفییە دێرینانەی میسداقییەتی خۆیانیان‌و ئەکتیڤبوونیان لەدەست داوە. هەوڵدانە بۆ هێنانەکایەی چەند چارەسەرێك بۆ کێشەو مەسەلەگەلێك کە حەل نەدەکران بە ڕێبازو میتۆدە بۆماوەکانی دیکارت‌و کانت‌و هیگڵ‌و هۆسرڵ‌و سارتەرو هایدگەر.

***بەڵام ئەوانەی باسیان دەکەیت‌و بەڵگەیان پێ دەهێنیتەوە لە فەیلەسوفان یاخود بیریاران، چارەسەری کێشەکان ناکەن ئەوەندەی کێشەی نوێ دەخوڵقێنن. مەبەستم ئەوەیە هیچ داناهێنن، بەڵکو تەنیا بە شیتەڵکاری‌و هەڵوەشاندنەوە وازدەهێنن، هەڵوەشاندنەوەی دنیای ماناو شوناس‌و گوتارو هێزو ممارەسەکان، ئایا ئەمە رماندن‌و وێرانکردن خۆی نییە؟**

-وێرانی واقیعێکە دەیبینین‌و ئازارەکەی دەچێژین، مەبەستم رمانی مانایە، ئایا لە جیهانی خۆرئاوادا بێت یان لای خۆمان. ئەو برسێتییە بە نموونە وەربگرە کە سۆماڵ بە دەستییەوە گیرۆدەیە، ئەو وڵاتەی لەسەر جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامی حسابکراوە، ئەمە نموونەیەکی روونە لە نێوان چەندین نموونەی تردا کە لە ژماردن نایەن لەسەر ئەو وێرانییەی تووشی فیکر دەبێت‌و بابەتە چەسپاوەکانی دەخاتە لەرزین. فەلسەفە لە بەرامبەر ئەم وێرانییەدا هیچ ناکات جگە لە گوتنی ئەوەی دێتە ئاراوە، بە هەڵوەشاندنەوەی مەنزوماتی عەقیدەکان‌و سیستمەکانی فیکر یاخود قاڵبەکانی مەعریفە، بۆ کردنی ئەوەی رووودەدات‌و بەڕێوەدەچێت بە مەفهوم‌و مەعقول.

***ئایا نموونەی ئەم پرۆسە هەڵوەشاندنەوەکارانەیە بە فەلسەفە ناودەبەیت؟**

-دەبینم تۆ هێشتاکە مەسەلەکان هەر لەسەر ڕێبازی خاوەنانی فەلسەفەی خودگەرایی‌و باڵابوون (فلسفة الذاتية والتعالي) تێدەگەیت، مامەڵە لەگەڵ فەلسەفەدا دەکەیت وەك ئەوەی حەقیقەتێکی جێگیری باڵابێت کە گوتە دەستی بەسەردا بگرێت یاخود سیستمێکی مەعریفی بێت کە بە تۆکمەیی وەسف بکرێ یان بیردۆزەیەکی گەورە بێ‌و هەموو شتێك تەفسیر بکات یان ئایدیۆلۆژیایەکی گشتگیریی وابێت چارەسەرێکی سیحری بۆ هەموو کێشەیەك دابنێ. ئەمەش وەهمێکی گەورەو گومراییەکی ئاشکرایە، بەو پێیەی هەوڵە فەلسەفییە ڕەخنەییەکان کەشفیان کردووە. ڕەخنەش شتێکی نوێ نییە. چالاکیی فەلسەفییانە خاوەنی مۆرکێکی ڕەخنەییانەی ئیشکالئامێزە. فەلسەفە بەردەوام بەمشێوەیە بووە، هەر لە سوکراتەوە کە مەعریفە گەیاندییە نەزانی، یاخود لە ئەفلاتونەوە کە خوێندنەوەیەکی بێلایەنانە بۆ گفتوگۆکانی تای تەرازووەکە هاوسەنگ دەکات لە نێوان سوکرات‌و نەیارەکانیدا لە سۆفستاییەکان، بەڵام ڕەخنە بووە بە کرۆکی چالاکیی فەلسەفی‌و تەوەرەکەی، هەر لە کانتەوە کە گرنگییەکەی لەو نەسەقەدا جەشار نییە کە هەوڵی بیناکردنیدا، نە لەو حەقیقەتە باڵانشین (متعالیە)ەشدا کە گوتەی تێدا دامەزراند، بەڵکو بە پلەی یەکەم لەوەدا حەشارەکە دەقێکی نووسیوە خاوەنی ئامادەگی‌و خۆراگری خۆیەتی، واتە لەوەدا کە ئەزموونێکی پێشکەشکردووە بۆ دەرەوەی خۆی وەرناچەرخێت ئەوەندەی حەقیقەتی خۆی لەخۆدەگرێ. هەروەها ئەگەر ڕەخنەی فەلسەفیی توێکاریی یاخود شیکاری‌و هەڵوەشاندنەوە بگرێتە خۆی، کارەکە نێگەتیڤییەتێکی ڕەها نییە، بەپێچەوانەوە چالاکییەکی خوڵقێنەرە کە دەکرێ وێنەیەك لە وێنەکانی فیکر یاخود شێوەیەك لە شێوەکانی مومارەسەی خود کەشفدەکات یاخود تەرزێك لە تەرزەکانی بوون. ئایا ئەمە ئەوە نییە کە ڕەخنەی کانتییانە بە ئاشکرا دەریبڕیوە؟ مەبەستم ئەوەیە ئەو شێوەیەك لە شێوەکانی پەیوەندیی مرۆڤی بە بوونی خۆیەوە کەشفکرد.

***مەبەستت بەوە چییە؟**

-مەبەستم ئەوەیە لە دوای کانتەوە مرۆڤی خۆرئاوایی لانیکەم وای لێ هاتووە (کۆجیتۆ)یەکەی خۆی مومارەسە دەکات. جیاواز لەوەی لەگەڵ دیکارتدا مومارەسە دەکرا. لەگەڵ دیکارتدا خود هەڵسوکەوتی ڕەها بوو. دوای ئەوە بوو بە مەرجدار.

***کەواتە تۆ ناڵێیت فەلسەفە مردووە؟**

-فەلسەفە وەك پرسیارو دڵەڕاوکێی وجودیانەی کەینونەییانە مرۆڤ لە مومارەسەکردنی جیانابێتەوە، بەڵام فەلسەفە وەك شێوەیەك لە شێوەکانی بیرکردنەوە، واتە وەك مەیدانێکی فیکری، بۆ یەکەمجار لەگەڵ گریکدا دەرکەوت، لەپاشاندا لە چاخی ئیسلامیدا گەشایەوەو تیشکیدایەوە بە دەستپێکردن لە فارابییەوەو کۆتایی هاتن بە شیرازی. ئینجا گەڕایەوەو لە سەردەمی نوێدا تازەبووەوە بە دەستپێکردن لە دیکارتەوە، تا ئێستاکەش چالاکیی فەلسەفی هەر لە گەشانەوەدایە لە خۆرئاوادا. ئایا لە فەرەنسادا بێت یان لە ئەڵمانیادا یاخود لە بەریتانیادا یان ئیتالیادا یاخود تەنانەت لە ولاتە یەکگرتووەکاندا کە مەترسیی بازرگانیی زانیاری‌و وێنە لە ئارادایە سەبارەت بەوە کە بەسەر دیمەنی فەلسەفیدا زاڵ ببێت. چەند کارێکی فەلسەفیی زەبەلاح هەن بەو مانایەی قسەت بۆ دەکەم دەربارەی، واتە بە مانای خوڵقاندنی نوێ‌و جیاواز لە چەمك‌و ئاستەکان یاخود مەرج‌و کەسەکان. نە سیستەم‌و نە مەزهەب‌و نە قوتابخانەو نە ئایدیۆلۆژیایە، هەموو ئەمانە پووچ دەبنەوەو دەکەون‌و بەها فیکرییەکەی خۆیان لەدەست دەدەن بۆ ئەوەی دەست بە بەها مێژووییەکەیانەوە بگرن.

***کەواتە چی دەمێنێتەوە؟**

-تەنیا مەخلوقە فەلسەفییەکان دەمێننەوە، واتە ئەو چەمکانەی فەیلەسوفەکان دروستیان دەکەن، وەك چەمکی هێز لای ئەرستۆ یاخود ئەرك (الواجب) لای فارابی یان کۆجیتۆ لای دیکارت یان مەرج لای کانت.. ئەم چەمکانە خۆیان دەسەپێنن بەسەر هەموو کەسێکی سەرقاڵ بە فەلسەفەوە بە ئامادەگی‌و خۆراگرییان‌و بە هێزو کێش‌و کڵپەسەندن‌و بڵاوبوونەوەیان..

***پەیوەندیی چەمکە فەلسەفییەکان چییە بە زانستەکان و تیۆرەکانیانەوە؟**

-گوتاری فەلسەفی لە هەموو ئەو شتانە پێکدێت کە فەلسەفە نین، ئەگەرنا دەبووە تەجریدێکی بەتاڵ یاخود شێوەیەکی بۆش یان لۆژیکێکی ڕووت. لەبەر ئەوە پێویستە فەلسەفە بەرووی هەموو ئەزموون‌و ئەو شتانەدا بکرێتەوە کە لەگەڵیاندا دەژین‌و لە کۆی زانست‌و مەیدانەکان خۆراك وەربگرێ. ئەو لە زانستە بیرکارییەکان‌و سرووشتییەکان یاخود لە زانستەکانی مرۆڤ خۆراك دەخوازێ، بەرووی مومارەسە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانیشدا دەکرێتەوە، یاخود بەڕووی

ئەزموونەکانی خۆشەویستی‌و حاڵەتەکانی عەشقو کار لەسەر بەرهەمە جوانەکانی ئەدەب‌و هونەریش دەکات، وەك چۆن دەکرێ بەرووی کایە غەیبی‌و پیرۆزەکەدا بکرێتەوەو بە سروش‌و دەقەوە سەرقاڵ بێ، وەك لە ئەزموونی فەلسەفەی عەرەبیدا روویداوە. لەم دواییەشدا فەلسەفە بەرووی زمان‌و گوتارەکاندا کرایەوە. ئەمەیان تەنیا ئامێرو ئامراز نییە، بەڵکو بووە بە بابەتێك بۆ بیرکردنەوەو چوارچێوەیەك بۆ بیناکردنی مانا. گرنگ ئەوەیە هیچ یەکێك لەو بوارانەی فەیلەسوف کاریان لەسەر دەکات بەسەر فەلسەفەدا زاڵ نەبن‌و سیفەتەکەی ون نەکەن. ئەمەیە هاوکێشەکە، واتە گوتنی ئەوەی فەلسەفی نییە بە زمانێکی فەلسەفی، واتە بە زمانی چەمکەکان.. هەموو فەیلەسوفێکیش خاوەنی چەمکگەلی خۆیەتی واتە ئەو خولقێنراوانەی ناکرێ لاسایی بکرێنەوە یاخود لابرێن. لەبەر ئەوە بوار بۆ فێربوونی فەلسەفە نییە وەك لە زانستدا هەیە.

***سەبارەت بە پەیوەندیی فەلسەفە بە تیۆلۆژیا (لاهوت)ەوە، وا دیارە ئەم پەیوەندییە جێگای کێشکردن‌و گرژییە، بەڵکو پێگەی دژایەتی‌و ناکۆکی بێت‌و ببێتە هۆی ئەوەی یەکێکیان ئەوی دیيان نەفی بکات، جیاواز لە پەیوەندیی نێوان فەلسەفەو بوارەکانی تر، تۆ چۆن ئەمە تەفسیر دەکەیت؟**

-ئەوەی دەڵێیت راستە. فەلسەفە بە دوورخستنەوەی لاهوت بنیادنرا. بەردەوام دوورخستنەوەی خواوەندەکانی لەسەر شانۆ مەبەست بووە. تەنانەت کاتێك فەیلەسوفان بەرووی وەحی‌و پێغەمبەرێتیشدا دەکرێنەوە، وەك لای فارابی بۆ نموونە دەیبینین، ئەوان خواوەندەکانی خۆیانیان خولقاند. ئەمەیە سەرچاوەی جیاوازییەکەو ریشەی مەسەلەکە. فەیلەسوف وەك خولقێنەرێکی داهێنەرو دروستکەر رەفتار دەکات، بەڵام لە لاهوتدا رەگەزی زاڵ ملکەچبوونی مرۆڤە بۆ فەرمانی ئیلاهی، بۆ بوونەوەرێکی باڵا کە ئیمپریالییەت‌و ستەمی خۆی بەرامبەر دروستکراوی خۆی مومارەسە بکات. راشکاوانە بڵێین: پێغەمبەر پێت دەڵێت من لە خودی خۆت لە پێشترم. بەڵام فەیلەسوف بۆ ئەوە بانگت دەکات شوێنی کەس نەکەویت‌و تەقلیدی نەکەیت.

واتە بۆ پشتبەستن بە هێزو توانای خۆت‌و دەرچوون لە کەموکوریت. بێگومان ئەمە ئەوەیە کە گوتاری فەلسەفی دەیڵێت‌و ئاشکرای دەکات، بەڵام دەبێ بەوە تێنەکەوین کە گوتە دەیڵێت. دەبێ بیخەینە قسە، واتە ئەوە کەشف بکەین کە بێدەنگ دەبێت لێی. ئەوەی گوتاری فەیلەسوفەکان نایڵێت ئەوەیە کە خاوەنانی چەمکەکانیان کردوون بە خوا (تەئلیهیان کردوون)، بە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی ئایینی‌و موقەدەسانە. لەبەرامبەریشدا.پێویستە ئاور لەوە بدەینەوە کە دەقی پێغەمبەرانە دەڵێ کە لاهوتیبوونی خۆی راشکاوانە دەڵێ‌و لە ناسوتیەتی خۆی (لایەنە ماددی‌و مرۆییەکەی) بێدەنگ دەبێت‌و ستراتیژیی ەتی عەقڵ بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی بانگ بکات بۆ ملکەچبوون بەمەسەلەکە. لەبەر ئەوە گوتار، فەلسەفی بێ یان پێغەمبەرانە، وەك رووبەرێك بۆ جیاوازی یاخود فەزایەك بۆ ناکۆکی دەردەکەوێ.

***رێگەم بدە لێرەدا دوو کەوانە بکەمەوە بۆ ئەوەی پرسیارێکت لێ بکەم کە پەیوەست بێت بە ناوچەیەك کە بە نهێنی یاخود قەدەغەی دادەنێت: ئایا بڕوات هەیە یان نا؟**

-بەلای منەوە وادیارە مرۆڤ لە بەخوداکردن یاخود پیرۆزکردنی شتەکانی خۆی جیانەبێتەوە، لە مەعشوقەکەی‌وخاکەکەی، یان سەرۆك‌وسەرکردەکانی، یان ئایدیاو چەمکەکانی کە حاڵی ئەو فەیلەسوفانەیە پێشڕەوی خواپەرستان. بەم مانایە هیچ کەسێك لە ئیمان رووت نابێتەوە، لەوەشدا کەسی سەرەتایی‌و هاوچەرخ یەکسانن، هەروەها بتپەرست‌و یەکتاپەرست، خۆرهەڵات‌و خۆراوایی، فەندەمێنتالیست‌و عەلمانی، بەڵام کە بە ئیمان رەزامەندی تەواو و تەسلیمبوونی یەکجارەکی یان یەقینیی یەکلاکەرەوەی داخراوت ویست، ئەمە لای من خودی مەرگی فەلسەفە دەگەیەنێ. بێگومان خوێنەر لە رێگەی نووسینەکانمەوە ئەو قەناعەتانەی بۆ دەردەکەوێ کە لێیانەوە سەرچاوە دەگرم یان ئەو سیستەمە مەعریفییەی دەیکەم بە پەناگەی خۆم، ئەمە حاڵیەتی‌و بەڵکو مافیشیەتی، بەڵام من لە مومارەسەکردنی توێژینەوەو نووسیندا لای چەند جێگیرێکی فیکری ناچەقم‌و هەوڵیش نادەم عەقڵم بەهیچ چوارچێوەیەکی بیروباوەڕیانە یان ئایدیۆلۆژیانە بەند بکەم.

***ئەی چی دەڵێیت سەبارەت بە سروت‌و نەریتەکانی پەرستیش؟**

-لێرەشدا هەرپێت دەڵێم: مرۆڤ لە مومارەسەکردنی سروت دانابڕێت لە ناو ئەوانەشدا نووسەران. رەنگە ئەو بەدواداچوونانەت خوێندبێتەوە کە یەکێك لەو پاشکۆ رۆشنبیرییانەی لە بێروت دەردەچن لەمبارەیەوە

ئەنجامی دەدەن (مەبەستیشم پێی پاشکۆی (النهار)ە، کە ئەوە ئاشکرا دەکات، نووسەران بەشێوەیەکی خورافی مامەڵە لەگەڵ نووسینو شتەکانیدا دەکەن. ئەمەش مایەی نیگەرانی یاخود ناشیرینی نییە لە لای من. بەپێچەوانەوە ئەوە بە باش دەزانم. سروتەکان جوانیی خۆیانیان هەیە. ئەگەر مرۆڤ لەم لایەنە نهێنی یاخود ئەفسووناوییە یان خورافییە یان قودسییە خاڵی بێت پتر لە کۆمپیوتەر دەچێت.

***دەگەڕێمەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە (تفكيك) کە بانگەوازی بۆ دەکەیت یاخود مومارەسەی دەکەیت: بۆچی دەبینین زۆربەی فەیلەسوفانی هەڵوەشاندنەوە جولەکەن لە نموونەی فرۆیدو درێداو ئەوانی تر؟**

-حاڵی رووناکبیرە عەرەبەکان زۆر سەیرە، دەبینیت هەیانە لە باوەشی مارکسییەتدا پەروەردە بووە یاخود کاریگەر بووە پێیو بەرابەرو دەلیلی داناوە وەك دەڵێن، رەخنەش لەو کەسە دەگرێ کە بیەوێ رەخنەی لێ بگرێ لە فەیلەسوفانی خۆراوا لە روانگەیەکی رەگەزی یاخود ئایینییەوە. چۆن مارکسی بە ریشە جولەکە قبووڵ بکەینو دریدا قەبووڵ نەکەین کە راشکاوانە دەڵێ لە یەککاتدا جولەکەیەو جولەکەش نییە؟. چۆن ئەوە ببینین کە فەیلەسوفانی هەڵوەشاندنەوە جولەکەنو ئەوە نەبینین کە فەیلەسوفانێك هەن لە هاوەڵانی باڵابوون (التعالى)، لە نموونەی هۆسرل یان بێرگسۆن، کە ئەوانیش هەر جولەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە فەیلەسوفی راستەقینە ئەوەیە کە ناچێتە ناو بیروباوەڕێکی ئایینییەوە، ئەگەرنا فەیلەسوف نابێ. بەهەرحاڵ ئەمە گرنگ نییە. بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەوانەی رەخنە لە فەیلەسوفانی هەڵوەشاندنەوە دەگرن، ئایا لە مارکسییەکان بن یان لیبرالییەکان یان ئوسووڵییەکان، دوو جۆرن: جۆرێکیان هەڵوەشاندنەوە (تفكيك)ی بیستووەو لە ماناکانی تێناگات. جۆرێکی دیکەشیان خاوەنەکانی لە هەڵوەشاندنەوە دەترسن، مەبەستیشم پێیان ئەهلی بیروباوەڕو خاوەنانی بانگەوازەکانن، چونکە هەڵوەشاندنەوە پەردە لادەداتو ئابروبەری شاراوەکانە. واتە لایەنە ناماقووڵەکانی گوتارە عەقلانییەکانمان ئاشکرا دەکاتو ئەو رێبازە سیحری یاخود میتافیزیکییەی کە بەهۆیەوە وشەو زاراوەکانمان بەکاردەهێنینو ئەو میکانیزمە فیکرییانەی بەکاریان دەهێنین لەکار کەوتوونو کاریگەرییان نەماوە، ئەوەش روون دەکاتەوە کە چۆن بە گوزارشتێکی راشکاوانەش بیڵێین، هەڵوەشاندنەوە بابەتە ئاشکرا پەردەپۆشەکان رووت دەکاتەوە، بەڵام بەهۆی زۆری روونیو بەکارهێنانیان، مەبەستیشم پێیان ئەو ئامرازە چەمکییانەیە کە جیهانو شتەکانی پێ دەنوێنین، وەك شوناسو یەکبوونو ئازادیو پێشکەوتنو عەقیدەو خودو عەقڵو خوداو هی تریش لەو (کلیات: چەمکە هەمەکییە) باڵایانە کە وەك ئاشکراو بەڵگەنەویست وەریاندەگرین. لەکاتێکدا کاراییو میسداقییەتی خۆیانیان لەدەستداوە، لێرەدا ئەمانە پێویستیان بە هەڵوەشاندنەوەو بەرهەمهێنانەوە دەبێ. ئەمەیە ئەو هۆکارەی وا لە خاوەن پڕۆژە رووناکبیرییەکان دەکات، لە هەڵوەشاندنەوە بترسنو بەرەنگاری ببنەوە. ئەو عەورەتەکان کەشفدەکات لای ئەو کەسەی دەیەوێ دەستەوەستانیو کەموکوڕیی خۆی پەردەپۆش بکاتو ئەوەش ئابڕووببات کە موحافیزکارێتی دەیشارێتەوە لە نەزانیو لاوازی. بەکورتی ئەوەی نەیەوێ بونیادی فیکریی خۆت یان سیستمی فەرهەنگیی خۆتی بۆ هەڵبوەشێنیت، نایەوێ دەردەکەی بۆ دیاری بکەیت، ناشیەوێ تواناکانت بەتەواوی بەکاربهێنیتو هێزی خۆت بینابکەیتەوە.. دەیەوێ وەك ئەو بیربکەینەوە یان هەر بەیەکجاری بیرنەکەینەوە، هەردوو مەسەلەکەش دوو رووی یەك دراون، دراوێکی فاشیست. لەبەر ئەوە من وایدەبینم ئەوانەی رووبەڕووی تەفکیك دەبنەوە دیوەکەی دیکەی دوژمن پێکدەهێنن کە سکاڵایانە لێی. چونکە دەشێ دوژمن لە دەرەوە بەرەورووت ببێتەوە، لەوانەشە لە ناختدا خۆی مەڵاس دابێت.

***تۆمەتی ئیلحاد ماوەتەوە کە ئاراستەی فەیلەسوفان دەکرێ، بەتایبەتیش هەڵوەشاندنەوە گەراکان کە نیتشە بە پێشەنگیان دادەنرێ، بۆچوونی تۆ چییە؟**

-گەر بمەوێ لەگەڵ تۆدا برۆم بۆ قسەکردن دەربارەی ئیلحادی فەیلەسوفەکان، دەکرێ قسە لە فەیلەسوفانێکی وەك هایدگەر یان فۆکۆ یا دریدا بکەین کە چەمکی خودا لە فەلسەفەکانیاندا ئامادەگیی نییە، بەڵام نیتشە لە سەرجەم فەیلەسوفەکان زیاتر پەیوەست بووە بە خوداوە. ئەو کە لە (مەرگی خودا) دەدوێ، لە زۆریی ئیمانییەوە یاخود پێویستییەوەیە پێی. بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە خودا لە گوتاری نیتشەدا ئامادە دەبێ بە قەدەر ئەوەی کار لەسەر نەفیکردنی دەکرێ. بە گواستنەوەش بۆ گۆڕەپانی فەلسەفە لای ئێمە، دەکرێ بگوترێ هەڵوێست لە بەرامبەر فەلسەفە بەگوێرەی سەردەمەکانو زاناکان

دەگۆردرێت. تۆ دەزانیت کە فەقیهو. وتە کەللیمەکان لە کۆندا هێرشیان کردۆتە سەر فەیلەسوفەکان، مەینەتیی ئیبن روشدیش شایەتی ئەوەیە، بەڵام ئەمڕۆکە مەسەلەکە جیاوازە، ئەو فەیلەسوفانەی غەزالی رێگر بووە لە ئاگاداربوون لە زانستەکانیان، دەچنە ناو بەرنامەکانی خوێندنەوە. بەڵکو ئێمە دەبینین لە نێوان زانایانی ئیسلامدا کەسانێك هەن حەزیان لە فەلسەفەیەو پێوەی سەرقاڵن، لێرەدا بەشێوەیەکی تایبەتیش ئاماژە بۆ ئیمام خومەینی دەکەم. ئەو خەریکی فەلسەفە بووەو ستایشی خاوەنەکانی کردووە، لەوانەش فەیلەسوفانی یۆنان، سەرەڕای دەرکردنی فەتواش بە کوشتنی سەلمان روشدی. ئەگەر بمانەوێ لە دیدی غەزالی یاخود لە دیدی توێژەرێکی هاوچەرخی ئیسلامییەوە وەك محەمەد تەقی مودەڕیسی لە هەڵوێستەکەی بڕوانین، کە پێی وایە فەلسەفە گومڕایی‌و درۆو دەلەسەیە، ئەوا بە نەفی بڕیارمان بەسەر باوەڕەکەیدا دەدا، بەڵام مودەڕیسی جورئەتی رەخنەکردنی خومەینی نەبووە لەبەر دەسەڵات‌و هەیبەتەکەی. ئەو واتە مودەڕیسی رەخنە لە سەدرەدین شیرازی دەگرێت کە شێخی هەموان‌و مامۆستایانە. لەکاتێکدا ئەوەی لەم بارەیەوە بەسەر شیرازیدا پراکتیك دەبێ، بەسەر خومەینیشدا پراکتیك دەبێ. لەبەر ئەوە دەڵێم تۆمەتبارکردنی فەیلەسوفان بە بێباوەڕی شمشێرێکی دوو سەرە.

***مادامەکی ئێمە گەیشتینە قسەکردن لەسەر فەلسەفەی عەرەبی، با ئەم گفتوگۆیەی پێ کۆتایی بهێنین: چانسی عەرەب لە فەلسەفەدا چییە؟ چی وای لێکردوون لەسەر رابردوویان بخەون‌و تەنیا بەکولتوورەکەیان وازبهێنن؟**

-تۆ پرسیار دەکەیت کاتێك کە وەڵام دەدەیتەوەو بە یەکلاییکردنەوە هەڵدەستیت لە مەسەلەیەکدا کە مایەی هێنان‌و بردنە. پرسیارەکەت بۆ هەوڵێکی فەلسەفیانەم دەبات کە لەم دواییەدا دەرچوو و ئێستا لەبەردەستمدایە، مەبەستیشم پێی کتێبی (فەلسەفەی زمان)ی دکتۆر سامی ئەدهەمە. دانەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێ: (پێویستە لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخ بە زمانی عەرەبی قسە بکات). مانای ئەم قسەیەش، ئەگەر بمانەوێ مانای ئەوە بزانین کە دەوترێ، ئەوەیە کە هیچ بوونێك نییە بۆ فەلسەفەی عەرەبیی هاوچەرخ. مانای نەفیکردنی هەموو ئەوەیە کە دەرچووە یان نووسراوە لە بواری فەلسەفەدا لە سەردەمی رێنیسانسی عەرەبییەوە تا ئێستاکە. لەمەشدا جەختکردنەوە هەیە لەسەر قسەکەی تۆ کە عەرەب لەسەر رابردوویان دەنوون لەم بوارەدا، حاڵیان لەوەدا وەك حاڵی یۆنانە. ئەو پرسیارەش کە لێرەدا رێگە بۆ خۆی خۆش دەکات ئەمەیە: گەر راست بێت کە بەرهەمێکی فەلسەفیی نوێ یان هاوچەرخمان نییە، چۆن ئەوە تەفسیر بکەین؟ ئایا گەشانەوەی فەلسەفە لە رابردوودا کۆڵە یان مەرج، ئاستەنگە یا پاڵنەر؟ گومانی تێدا نییە کە فەلسەفە لەمڕۆدا لە خۆراوادا نیشتەجێیە، ئایا لە ئایندەدا لە خاکێکی نوێدا نیشتەجێ دەبێ، وەك جیل دۆلۆزی فەیلەسوفی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا (فەلسەفە چییە؟) دەپرسێت، یان بە نوێبوونەوەو بەردەوامبوونی کە ئێستا لە ئەوروپادا بەشێوەیەکی تایبەت لە گەشانەوەدایە وازدەهێنێت؟ یاخود دەکرێ عەرەب لە نوێوە بەشداری بکەن لە داهێنانی فەلسەفیدا بە هەمەجۆرکردنی مەرجەکانی‌و دیمەنەکانی یان بە نوێکردنەوەی چەمك‌و کایەکانی. من باسی (عەرەب) دەکەم، چونکە وا دیار نییە بەرهەمێکی فەلسەفی یاخود سەرقاڵییەك بە فەلسەفەوە هەبێ کە شایانی باس بێت لە دەرەوەی جیهانی خۆراوادا، مەگەر لای عەرەب‌و لەوانەشە لە ئێرانیدا. بەڵێ بەرهەمێکی فەلسەفیی عەرەبیی نوێ لە ئارادایە، بە وەرگێران‌و راڤەوە، یاخود وەرگرتن‌و مومارەسەوە، یان خوێندنەوەو رەخنەکردنەوە، گەر نەڵێم بە خولقاندن‌و داهێنانەوە، بە دەستپێکردن بە وەرگێرانەکانی ئەحمەد لوتفی سەیدەوەو کۆتاییهاتنی بە دوا کاری فەلسەفی کە بە عەرەبی خوێندبێتمەوە، بریتییە لە کتێبی (مقدمە فی علم الاستغراب)ی حەسەن حەنەفی. گرنگ ئەوەیە یەکتر نەفی نەکەین‌و بە چاوێکی نوێوە بۆ نووسینە فەلسەفییە عەرەبییەکان بڕوانین. فەلسەفە لەسەر نەفیکردن‌و دوورخستنەوە دانامەزرێ، بەڵکو کەشفکردنی ئەگەرگەلێکی نوێیە بۆ فیکرو کردار. چیتر وەك تیۆر یاخود قوتابخانە ناناسرێ نەوەك مشتومڕو موناقەشەش مومارەسە دەکرێ. خوێندنەوەیەکە بۆ جیهان کە رووداوەکان لەگەڵیدا کێشی خۆیان دەگێڕنەوە، هەبووەکانیش هێزو جەستەکانیش چوست‌و چالاکیی خۆیان دەگێڕنەوە. لێرەوە چالاکیی فەلسەفی مۆرکی هەڵوەشاندنەوە بۆ دەقەکان‌و دەزگاو پێکهاتەکان وەردەگرێ، بۆ هەموو ئەوەی کە لەباریدایە کائین دابپۆشێ لەپشت گوتەکانی یاخود رووداو بسڕێتەوە لەژێر بڕیارە هەمەکییەکانی (کلیاتە)، یان جەستە بەندبکات لەناو تەوتەمەکانیدا

یان تاك بكاتە بارمتەی شوناسەكانی.. گۆڕانێكی ریشەیی هاتۆتەدی لەسەر گۆڕەپانی ئەمڕۆكەی فەلسەفی، بەڵام ئەوانەی لە خۆراوادا لە مەرگی فەلسەفە دەدوێن ئاوڕ بۆ ئەوە نادەنەوە كە روودەدات. بەڵێ فەلسەفە مردووە بەشێوەیەك لە شێوەكانی، بەڵام بە چەمكێكی نوێوە زیندوو دەبێتەوە. ئەگەر شتێكیش مردبێت یاخود تیاچووبێت ئەوە مەفهومی ئەوانەیە كە لە مەرگی فەلسەفە بەولاوە هیچی تر نابینن، مەبەستم پێی تێگەیشتنیانە لە حاڵی فەلسەفە. ئەمەش حاڵی ئەوانەیە كە بوونی بەرهەمی نوێی فەلسەفی نەفی دەكەنو ئەوە بەهەند ناگرن كە لەلامان لەم رووەوە دێتە پێشەوە لە بەرهەمی نوێ. ئەوە نابینن كە ئێمە بەرووی بوارگەلێكی نوێدا دەكرێینەوەو قسە لەوە بكەین كە فەلسەفە پێشتر لەسەری دەدوا بە رێبازێكی نوێی جیاواز. ئایا ئەمە ئەوە نییە كە هەندێك لە عەرەبی ئەمڕۆكە پێیەوە سەرقاڵن؟

***كەواتە تۆ بوونی فەلسەفەیەكی هاوچەرخی عەرەبی نەفی ناكەیت. لەكاتێكدا هەندێك، لە عەرەبو ناعەرەب، بەشداریی خوڵقێنەرانە لە فەلسەفەدا لە رابردوو و ئێستاشدا لە بنەرەتدا لە عەرەب نەفی دەكەن.**

-دەكرێ مرۆڤ سەرسام بێت بە پۆلێنكردنی ژیارەكانو شوناسە كولتوورییەكان. كە بمەوێ ئەم رێبازە بگرمەبەر، دەتوانم بڵێم یۆنان دیموكراسییەتو فەلسەفەو شانۆیان داهێناوە.. ئەوەش بڵێم، خۆراوا داهێنانی لەوەدا كردووە كە یۆنان داهێنانی تێدا كردووە لە پاڵ داهێنانەكانیدا لە بواری زانستو تەكنیكو بەرنامەگەرییدا.. وەك چۆن دەشتوانم بڵێم لە بەرامبەردا كە داهێنانی هەرە مەزنی عەرەب لە زمانو شیعرو پێغەمبەرێتیدا رەنگدەداتەوە، كە جیهانیان پێ فەتحكردو بەسەریدا زاڵبوون دوای تەعریبكردنی (عەرەباندنی).. ئەم پۆلێنكارییانەش دەشێ دروست بن هێندەی هەڵخەڵەتێنەرو گومراكەریشن. لەو رووەوە كارلێكی خوڵقێنەرانەی نێوان كولتوورو میللەتان نەفی دەكاتو دەشێ رێ لە روودانیشی بگرێت. سەرەرای ئەوە سەرەنجامەكەشی داخرانە بەرووی خودو رەگەزپەرستی كولتووریو نەفیكردنی حەقیقەتەكانە. ئەمە حاڵی ئەوەشە كە داهێنانی فەلسەفی لای عەرەب نەفی دەكات، لانیكەم لە سنووری گەشەو پەلهاویشتنیاندا.

***بە پرسیارێك دوایی دەهێنم بە مەسەلەكە. ئەم گفتوگۆیە چۆن پۆلێن دەكەیت؟ ئایا فەلسەفەیە؟**

-فەلسەفە پێویستی بە كەسێك نییە داوای بكات، تەنانەت بە كەسێكیش رایبگەیەنێت.

لەبەر ئەوەی ئێمە بە فەلسەفە دێین بۆ رووداو و لە كەینونە نزیك دەبینەوە. لەبەر ئەوە كاری فەلسەفی بۆ خۆی خۆی ئاشكرا دەكاتو قسەكردن لەسەر بوون یان نەبوونی پێشو دوای ناخات.

## سازدانی: حسێن نەسروڵڵا

**سەرچاوە:**

نقد الحقيقة، علي حرب، الطبعة الثانية، ١٩٩٨، المركز الثقافي العربي، ص(١٢٨–١٤٨).